# سەیران

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری
×
**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**
**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**
×××

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# سەیران

نووسینی:

**ئیبراهیم ئەمین باڵدار**

وێنەکێش:

**شێروان موحسین**

ناوی کتێب: سەیران
نووسینی: ئیبراهیم ئەمین باڵدار
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە ٥٣٥
وێنەکێش: شێروان موحسین
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیاری چاپ: ئاورەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم- هەولێر ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە ( ١١٥ )ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# سەیران

ئێمە دەچین بۆ سەیران
بۆ سەیرانی ناو شاخان
بۆ سەیرانی ناو باخان
بۆ سەیرانی ناو دەشتان

دەچین بۆ ناو گوڵ و گیا
لە گوێ ئاو و پاڵ چیا
پێکەوە یاری دەکەین
یارمەتیی یەکتر دەدەین

بە سەماو بە هەڵپەڕین
بە چاوشارکێ و پێکەنین
دڵی خۆمان خۆش دەکەین
گەشە بە لەشمان دەدەین




# دیمەنی کوێستان

هەستە با بڕۆین بۆ کوێستان
بۆ ناو بەفری جوانی شاخان
بڕۆین، بگەڕێین، بنوارین
بۆ گشت جوانی، چاو بگێڕین
لەوێ هەڵپەڕین، ڕاکشێین
یان سەماکەین و هەڵخلیسکێین
بەو جوانیانە چاو بڕێژین
تا هەر خۆشیی لێ بچێژین
جوانیی وەنەوشە و، هەڵاڵە
بەرد و سەوزەگیا و گوڵاڵە
چەم و چنار، جۆگە و کانیاو
بزن و مەڕ و، بەرخی گوێ ئاو
مەل و پەپوولەی هەمەڕەنگ
سمۆرە و کەروێشکی بێ دەنگ
گۆرانیی بڵێین پڕ بە دڵ
زەماوەند بگێڕین بە کوڵ
گۆرانی سۆزی دڵ و گیان
وشە و ئاوازی خۆش و جوان
گۆرانی بۆ خاکی پیرۆز
گۆرانی بۆ کوردستانمان
لانەی مەردان و شاسوارمان



# هەوری بەهار

بەرۆژەکانی بەهاران
کە دەڕوانینە ناو ئاسمان
ڕازاوە بە هەوری جوان جوان
بە هەوری پڕ و، بڵاو بڵاو
ڕەش و سپی، لە یەك ئاڵاو
بەرز و نزم، لەناو هەتاو
دێن و دەچن، خێرا بەتاو
بەگرمەگرم و شریخە
لەگەڵ بروسکە و تریشقە
جار جار گورج بڵاو دەبنەوە
یان بە یەکترا دەچنەوە
لە پڕێکا قڵپ دەبنەوە
وەك کوندە دەم دەکەنەوە
لێیان دەڕژێتە خوارەوە
بارانی زۆر بە تەزرەوە
لە ناکاو دەڕەوێنەوە
بڵاو دەبن دەکشێنەوە
ڕووی ئاسمان دەبێت بە ساماڵ
لەگەڵ پەڵە هەوری کاڵ کاڵ
ئەوسا گەڵا و گوڵ، سەوزە گیا
سەر بەرز دەکەنەوە، جیا جیا
شۆراوە، ڕووگەش دەنوێنن
دڵۆپ دڵۆپ ئاو دەتکێنن



# بای شەماڵ

بای شەماڵی ناوچەی کوێستان
کە هەڵدەکات بەرە بەیان
لق و چڵ و گەڵای داران
گوڵاڵە و نێرگسی دەشتان
هەموویان دێنێتە لەنجە
دەسرێت گۆنای گۆپکە و خونچە
لەسەرخۆ، بە شنە و ورشە
خاوێن، پڕ بۆنی وەنەوشە
لە شاخەوە دادەگەڕێت
ئینجا بەسەر گردا دەکشێت
بێ دەنگ لە چەما کپ دەبێت
بێ دەنگ، سروەی لێ دەبڕێت


Sherwan.m


# ڕەشەبا

ئەوا ڕەشەبا هاتەوە
سەر لەم ناوە دەداتەوە
بە گڤەگڤ و گرمەوە
بە لوورە لوور و زرمەوە
گشت لایەکی شێواندەوە
وا ئاڵا دەشەکێتەوە
پەروانە دەسوورێتەوە
فرفرۆکە دەخولێتەوە
کۆلارە بەر دەبێتەوە
ئێمە بایەکە نابینین
بەڵام دەنگەکەی دەبیستین
ساتێك کە لە پڕ هەڵدەکات
دار و پەردوو لە یەك دەدات
دەورمان پڕ لە خۆڵ دەکات
چی سووکە بۆ حەوای دەبات
گێژەڵووکە پەیدا دەبێت
کە دار لەبن هەڵدەکەنێت
لە پڕ خێرا دادەمرکێت
هەموو لایەك خامۆش دەبێت



# مەیموونە سوورە

لەناو باخێکی گیانداران
لە گوێ ئاوێکی بەردەڵان
مەیموونە سوورێکی سەر خڕ
کردی بە قیژەقیژ لە پڕ
بە نەڕەنەڕ و بۆڵاندن
دەستی کرد بەسك کوتاندن
هەڵدەبەزی و دادەبەزی
ڕادەوەستا و هەڵدەلەرزی
لە پڕ مەیموونێکی برسی
هات بە قایم کلکی گەزی
مەیموونە سوورە ڕاپەڕی
بە ڕاکردن و قەڵەمباز
بۆی دەرباز بوو لە ترسی گاز




# پەپوولە

پەپوولە جوان و ڕازاوە
ئێسك سووكی باڵ نەخشاوە
تۆ كەی هاتیت بۆ لامان
بەخێر هاتیت سەر چاومان
چاوەڕێت بووین زۆر بە كوڵ
بیرمان دەكردیت بە دڵ
لێرە زۆرە دار و گوڵ
بفڕە، لەم چڵ بۆ ئەو چڵ


Sherwan.m

# هەنگێك

ڕۆژێکی خۆش لە ڕۆژان
دەمەدەمی ئێواران
لەناو باخی دێکەمان
دانیشتم لە بن دارێك
لە پڕ بینیم وا هەنگێك
دەفڕێ لە دەوری گوڵێك
گورج گورج، دەسووڕایەوە
باڵی دەجووڵایەوە
لەشی دەبریقایەوە
بەرز و نزم دەبووەوە
لەنگەری دەگرتەوە
لە ناکاو دەنیشتەوە
تێر تێر گوڵەکەی دەمژی
کە شیلەکەی لێ دەبڕی
بەرەو پوورەکەی دەفڕی


Sherwan.m

# پشیلەکەم

پشە خرپنەی جوانم
ئێسك سووکی نازدارم
ئەندام تووکنی خاڵ خاڵ
سمێڵ درێژی چاو کاڵ
ڕاکە وەرە باوەشم
تێر خۆت هەڵسوو لە لەشم
دەی، زوو وەرە، گیانەکەم
هەتا دەست لە ملت کەم



# بەرخۆڵەکەم

بڕوانە چەند جوانە
خۆشەویستی خۆمانە
خۆشەویستی گشتمانە
بەرخۆڵەکەم
وەرە وەرە بەرخۆڵە
خێرا خێرا خنجیلە
ڕاکە ڕاکە جوانکیلە
زوو زوو وەرە باوەشم
بەرخەکەی تووک ئاوریشم
نازدارەکەی چاو گەشم



# دەنگە خۆشەکان

گەلێك دەنگ لای من خۆشن
کە دڵگیر و شادی بەخشن
چریکەی خوێندنی بولبول
لەسەر چڵی دار ڕووەو گوڵ
قاسپە قاسپی نێرە کەوا
دەنگی بۆق بە مانگە شەوان
باڕە باڕی مەڕ ئێواران
کەناچەی پۆڕ بەرەبەیان
جریوەی چۆلەکەی بێستان
هاژەهاژی ئاوی چەمان
گرمەگرمی هەور، بەهاران
تکەتکی ئاو، دوای باران
ناڵەناڵی شمشاڵی شوان
ئاوازی لاوك و حەیران


Sherwan..


# میزڵدانەکانی جوامێر

باوکی جوامێر بەدیاری    نۆ میزڵدانی هانی
سەوز و سوور و قاوەیی    مۆر و شین و پەمەیی
زەرد و نارنجی و سپی    گەورە و گەورە، گوڵ گوڵی
جوامێر پێیان دڵخۆش بوو    خێرا بۆ لای باوکی چوو
بەگەرمی سوپاسی کرد    باوکیشی تێر ماچی کرد
لەپاشان جوامێر خێرا    نۆ میزڵدانی هێنا
پڕی کردن لە هەوا    بەرزبوونەوە بۆ حەوا
جوامێریش لەگەڵیانا    خۆی هەڵواسی پیانا
با، بردنی بەئاسمانا    بەسەر دەشت و شاخانا
بەسەر گوند و شارانا    لەبەر چاوی هەموانا
گەورە و بچووك کۆبوونەوە    لەم دیمەنە وردبوونەوە
هەموو واقیان وڕما بوو    داماو، سەریان سوڕمابوو
یەکێك هاواری دەکرد    هیتر دەستی بەرز دەکرد
منداڵێکیش لەولاوە    بەهەڵبەز و سەماوە
هەروا دەیوت: خۆزیایە    لە جێی ئەو من بوومایە


Sherwan..

سەیران
میزڵدانەکانی جوامێر
دیمەنی کوردستان
هەوری بەهار
بای شەماڵ
ڕەشەبا
مەیموونە سوورە
پەپوولە
هەنگێك
پشیلەکەم
بەرخۆڵەکەم
دەنگەخۆشەکان

کۆتایی




زنجیرە کتێبی 1
چیرۆکە نەمرەکان
بەرگدرووە بچووکەکە
وەرگێڕانی: ئەمیر حاجی داود





زنجیرە کتێبی 3
و: ئەمیر حاجی داود
بەرگدرووی کۆشک
وێنە بەدەستکاری: عادل زرار





زنجیرە کتێبی 2
چیمەن کاوێس
ئەسپە باڵدارەکە
وێنەکێش: ئاریان سەرسام


4
ئیبراهیم ئەمین باڵدار
سەیران
وێنەکێش: شێروان موحسین

5
مەغدید ڕەواندزی
خۆشەویستیی نیشتمان
وێنەکێش: شێروان موحسین

زنجیرە کتێبی 7
و: دلاوەر قەرەداغی
شێر و کورە بچکۆڵە
وێنەکێش: دلشاد عەلی

زنجیرە کتێبی 6
و: ئەمین گەردیلانی
یەکگرتن
وێنەکێش: شێروان موحسین